*Journal of Language Studies.* **Vol. 4, No. 4, Summer 2021, Pages (3882-400)**

**ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)**

**Journal of Language Studies**

**Contents available at: http://jls.tu.edu.iq**

# the Usurped Country in Kadzal's Poem "The Pigeon of Khasa and Rahimawa" : A Structuralist Study

**Nahida Huseen** *
**Kurdish Department, College of Basic of Education, University of Raparin, Kurdistan Region**
**E-mail: nahida-barzinji@uor.edu.krd**

**Keywords:**

Text analysis

Structuralism

The death of author

The closed text

**Article Info**

**Article history:**

**Received: 12-8-2021**

**Accepted: 1-9-2021**

**Available online**

**Abstract:**

Constructivism first appeared as a theory of economy by Carl Marx and then the linguists such as De Saussure and Focou. Furthermore, the development of the theory Originated from the works and views of the Russian Formalists, Prague Ring and New Criticism. The study is under the title of "Occupied Home in Kazhal Ahmed's poem 'Khasa Pigeon' and 'Rahimawa'" from a constructivist point of view. One of the most apparent basics of the theory is to work on the text itself rather than the author's life and his psychological, social, historical and ideological state. It only sheds light on the text, which caused the invention of 'The Author's Death'. Apart from the introduction and conclusion, the paper consists of two parts. In the first part, the term of constructivism, its definition and terminology are introduced as well as the theory's basics, principles, and resources. The second part is specified to the practical study of the poem through a constructivist theory. In conclusion, the result of the study is pinpointed and the list of the resources are given.

* **Corresponding Author**: Nahida Huseen , E-Mail: kanyaw.qadr@uor.edu.krd
**Tel**: +9647501228701 , **Affiliation**: University of Raparin - Iraq

# (الوطن المغتصب في شعر (حمامة خاسةو رحيماوا) ل كزال احمد دراسة بنيوية)

**م. ناهيده حسين _ جامعة رابرين**

**الكلمات الدالة:-**

تحليل النص البنيوية

موت المؤلف

النص المغلق

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

**الاستلام: ١٢_٨_٢٠٢١**

**القبول: ١_٩_٢٠٢١**

**التوفر على النت**

**الخلاصة :** ظهرت البنيوية في البداية كنظرية اقتصادية عند (ماركس)، وظهرت بعد ذلك عند علماء اللغة من أمثال (دي سوسير، جومسكي،فوكو)، كما ان تطور البنيوية ظهر في اعمال ونظريات الاصلاحيين الروس و حلقة براك والنقد الحديث. يعد هذا البحث المعنون (الوطن المغتصب في شعر (حمامة خاسةو رحيماوا) لكزال احمد دراسة بنيوية)، محاولة اكاديمية لقراءة وتحليل النص المشار اليه في ضوء نظرية النقد البنيوي. ومن أبرز عناصر النظرية البنيوية هو الاعتماد على النص نفسه مع الابتعاد عن أثر حياة المؤلف من الناحية النفسية والتاريخية والاجتماعية وفكرته، وهي تحاول القاء الضوء على النص فقط ومن اجل ذلك اخترعوا مصطلح موت المؤلف.

فضلا عن المقدمة والخاتمة فإن البحث يتكون من قسمين: في القسم الاول تم الاشارة الى مصطلح وتعريف البنيوية، و مبادىء البنيوية، مع الإشارة إلى أهم مصادرها، اما القسم الثاني فخصصناه لتحليل النص وفق النقد البنيوي، وفي الاخير تم الاشارة الى اهم النتائج وقائمة المصادر.

# نیشتمانی زەوتکراو لە شیعری (کۆتری خاسەو ڕەحیماوا)ی کەژاڵ ئەحمەد دا
# توێژینەوەیەکی بونیادگەرانەیە

**م.ناهیدە حسێن عەبدولڕەحمان - بەشی زمانی کوردی**

**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی ڕاپەڕین**

**پێشەکی**

بونیادگەری وەک تیۆرێکی ئابوری سەرەتا لای (مارکس) سەری هەڵدا، پاشانیش لە زمانەوانی لای (دی سۆسێر و چۆمسکی و فۆکۆ) بەکارهاتووە. دواتر بۆ ناو دنیای ڕەخنەی ئەدەبی جیهانی و عەرەبی و لەوێشەوە بۆ ناو ڕەخنەی هاوچەرخی کوردی گوێزراوەتەوە. بونیادگەری کار لەسەر خودی دەق دەکات و دوور دەکەوێتەوە لە ئایدیۆلۆژیا و مێژوو و ژیانی خاوەن دەق و تەنیا تیشک دەخاتە سەر دەقی ئەدەبی.

ناونیشانی توێژینەوەکە: ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە {نیشتمانی زەوتکراو لە شیعری (کۆتری خاسەو ڕەحیماوا)ی کەژاڵ ئەحمەددا) توێژینەوەیەکی بونیادگەرانەیە**}**. واتا لە دەروازەی زمانناسییەوە کار لە سەر دەقەکە کراوە.

سنوری توێژینەوەکە: سنورو چوارچێوەی کارەکە تەنیا دەقی شیعری (کۆتری خاسەو ڕەحیماوا)ی کەژاڵ ئەحمەد دەگرێتەوە، کە لە کۆمەڵە شیعری (من دەبێت خۆم بیسمیلبکەم) وەرگیراوە.

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم تویژینەوەیەدا، پەیرەوی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەریی کراوە، واتە بە پشتبەستن بە بنەماکانی بونیادگەری بە شێوەیەکی کرداری کار لەسەر دەقەکە کراوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: جگە لە پێشەکی و ئەنجام، توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو بەش. لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بە (چەمک و زاراوەو پێناسەی بونیادگەری، بنەماو پرەنسیپەکانی بونیادگەری، سەرچاوەکانی بونیادگەری) کراوە. بەشی دووەمیش تایبەت کراوە، بە پراکتیزەکردنی دەقەکە بە پێی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری. پاشان کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک خراونەتەڕوو لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوەکان.

## بەشی یەکەم

### چەمک و زاراوەو ناساندنی بونیادگەری

بە شێوەیەکی گشتی بونیادگەریی لەسەر چەند بنەمایەکی زمانەوانی دامەزراوەو پشتی بە نمونە زمانەوانییەکان بەستووە، بە تایبەتی نمونەی سۆسێریی، کە جیاوازی دەکرد لە نێوان (گوتن و زمان)دا. لە ڕووی زاراوەوە ((بونیادگەری(Structuralism) لە بنەڕەتدا لە وشەی (Structure)هاتووە، ڕیشەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ زاراوەی(Stuere) لاتینی، کە بە واتای بینا، یان دانانی بەردی بناغەی بینایەک دێت))(مەنتک: ٢٠١٨، ١٠٠) هەروەها لە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا ((وشەکە بە(Structures) و زاراوەکەش بە (Structuralism) هاتووە..لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا، زاراوەکە بە (البنيويه)و (البنائيه) هاتووە، هەندێ جاریش بە (الالسنيه) بەکارهاتووە...لە ئەدەبیاتی فارسیدا، زاراوەکە بە(ساختارگرایی) ناسراوەو سەقامگیر بووە.)) (حسەین: ٢٠٠٨، ٢١ ،٢٢)لە زمانی کوردیشدا زاراوەکانی ((پێکهاتەگەرایی، پێکهاتەخوازی، بنەماگەرایی، بنەماخوازی.. بەکارهاتووە))(پیرۆت: ٢٠٢٠، ٨١). بەشێوەیەکی گشتی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، زیاتر زاراوەی (بونیادگەری) خۆی چەسپاندووەو بەکاردەهێنرێت .

سەبارەت بە پێناسەکردنی بونیادگەری کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە دیدی جیاوازەوە سەیر دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی ئەم چەمکە، بە سێ تەوەری جیاواز کە

خۆیان لە بەزانســـتبوون و فەلســـەفەو میتۆددا دەبیننەوە، لەهەمان کاتدا بونیادگەری لە کایەی سۆسیۆلۆژیاو ئەنثرۆپۆلۆجیاو زانستی دەروونناسیشدا کاری خۆی کردووە. واتا ناکرێت ((تەوژم و میتۆدێکی ڕەخنەیی فراوانی وەک(بونیـادگەری) بەو هەموو مـانـاو دەلالەتە جۆر بە جۆرو باکگراوندە فەلسەفییانەوە لە نێوان دوو کەوانەی پێناسەدا سنووورداری بکەن و تەواو لە ئاستیدا بابەتی بن)) (مەحمود، محەمەد: ٢٠١٠، ٩٣). بۆیە (فۆکۆ)دەڵێت: ((ناتواندرێ بەئاسانی پێناسەیەک بۆ بونیادگەری دیاری بکرێت، چونکە ئەم زاراوەیە ئاماژەکردنە بۆ کۆمەڵێ شـــێکردنەوەو ڕێرەو کتێبی جۆراو جۆر))(حســـەین:٢٠٠٨، ٢٨). واتا بونیادگەری چەمکێکی فرە ڕەهەندە، بە ئاســـانی خۆی نادات بە دەســـتەوە، بۆ بەرجەســـتەکردن و ســـنوردارکردنی لە چوارچێوەی پێناســـەیەکی دیاریکراودا. لەگەڵ ئەوەشـــدا دەکرێت چەند بۆچوون و پێناســـەیەک، لە بارەی بونیادگەرییەوە بخەینە ڕوو لەوانە:-

(بونیادگەرەکان لەوەوە دەست پێ دەکەن کە پێویستە تەرکیز لەسەر جەوهەری ناوەوەی دەقی ئەدەبی بکرێت، پێویســـتە مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکرێت بە بێ هیچ گریمانەیەکی پێشـــین..وەکو پەیوەنـدی بە واقیعی کۆمەڵایەتی یـان بە حەقیقەتە فکرییەکـان یـاخود بە نووســـەرو بـارە دەروونییەکانی و بارە کۆمەڵایەتییەکەی)(الماضي: ٢٠١٠، ٢٠٢). واتا دەق بەوە پێناسە دەکەن، کە کیـانێکی زمـانیی ســـەربەخۆیەو بە هەموو شـــێوەیەک دایـدەبڕن لە دەرەوەی خۆی، یـان ((بونیادگەری ڕێگەیەکە بۆ شـیکردنەوەی ڕوخسـاری دەق و ناوەڕۆکەکەی بە سـود وەرگرتن لە دەرهاویشـتەکانی زانسـتی زمان))(حسـەین: ٢٠٠٨، ٣٠). واتا فۆڕمی ئەدەبی لە دەقەوە دەسـت پێدەکات و هەر لەوێشدا کۆتایی دێت.

ســـەبـارەت بە نـاســـانـدنی میتۆدی بونیـادگەری لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەتوانین بڵێین: ((بونیادگەری لە بنچینەدا هەوڵێکە بۆ پراکتیزەکردنی ڕێبازی زمانەوانی گشـتی بەسـەر ئەدەب و ڕەخنەدا، بە تایبەتی پراکتیزەکردنی ئەو ڕێبازەی کە زانای زمانەوانی(فردیناند دی سۆسێر) لە توێژینەوە زمانەوانییەکەیدا پراکتیزەی کرد))(پیرۆت: ٢٠٢٠، ٨٢). ئەمەش پاڵنەرێک بوو، بۆ ئەوەی زانایانی زمان ڕەگەزەکانی ســـیســـتەم لە ئەدەبدا بدۆزنەوە. (مەبەســـت لە ڕەخنەی بونیـادگەری جەختکردنەوەیە، لەســـەر خودی دەق، واتـا هەموو شـــیکردنەوەکـان لە دەقەوە سەرچاوە دەگرن، بە بێ گەڕانەوە بۆ هۆکارو پاڵنەرەکانی دەرەوەی دەق)(تومريل: ٢٠١٦، ٢٨٦). واتـا دەق لە نـاو خودی خۆیدا داخراوەو هۆکـارو پـاڵنەرەکـانی بەرهەمهێنـانی دەق پشـــتگوێ دەخرێن. (میتۆدی بونیـادگەری ڕێگـایەکە ڕەخنەگری ئەدەبی دەیگرێتەبەر بۆ لێکۆڵینەوە لە فۆڕمی زمـانەوانی و ڕەگەزو یەکە پێکهێنەرەکـانی زمـانی دەق)(حجـازي: ٢٠٠١، ٨٥)، چونکە بونیادگەرەکان پێیان وایە زمان بناغەی پێکهاتنی دەقە، واتا بایەخ بە بیرۆکەو ناوەڕۆکی دەق نادەن، بەڵکو کار لەسەر جەستەی زمانی دەق دەکەن.

بونیادگەری وەک هەر چەمکێکی دیکەی فەلســـەفی و مەعریفی و زمانەوانی، بە چەندین واتایی جۆراوجۆر لە زمانی جیاوازدا لێکدانەوەی بۆ کراوە، تاوەکو گەیشـــتووە بە واتایەکی چەسـپاو، کە خۆی تێدا دۆزیوەتەو. ((لە سـەدەی حەڤدەهەمدا، واتای وشـەکە بە دوو ئاڕاسـتەی سـەرەکیدا ڕۆیشـتووە، یەکەم، بەرەو بەرهەم هێنانی سـەرەکی بونیاد، دووەمیش، بەرەو ڕێگای بونیادنان، نەک هەر تەنها لە بیناسـازیدا، بەڵکو لە بەکارهێنانی فراوانیدا، ئەویش بە شێوەیەکی خوازەیی))(حسـەین: ٢٠٠٨، ١٥) کەواتا چەمکی بنیادگەری سـەرەتا تەنیا بۆ بنیادنان و بیناسـازی بەکـار هـاتووە، دواتر چەمکەکە فراوان بووە، پەلی هـاویشـــتووە بۆ زانســـتەکـانی دیکە.

(بونیادگەری یان بونیادنان ڕەوتێکی فکرییە، ئامانجی ئاشکراکردنی بنیاتی ئەو هزرە ڕۆشنبیرییەیە، کە لە ئێستاو ڕابردوودا دەقەکەی لەسەر بنیاد نراوە، بۆ دەرخستن و دیاریکردنی ئاستی شیکردنەوەو دۆزینەوەی پەیوەندی پێکهاتەکانی)(قصاب: ٢٠٠٩، ١١٨) واتا هزری نووسەر، کە بەرهەمهێنەری دەقە، هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان یەکەو پێکهاتەکانی زمان، کە دەقەکەی لەسەر بونیاد نراوە.

لێکۆڵینەوەی بونیادگەری ئەوە دەردەخات، هەموو ئەوانەی بە (بونیاد)وەسف دەکرێن، تارادەیەکی زۆر هاوبەشن. ئەم بۆچوونە پشتڕاستی هەمان ئەو ئەنجامە دەکاتەوە، کە ((جۆناثان کلێر لە لێکۆڵینەوەی (بونیادگەریی)ی جان بیاجێ دا پێی گەیشت و ئەوەش دەردەخات هەموو زانستەکانی بیرکاری و لۆجیک و فیزیا و زیندەوەرزانی و هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام گرنگییان بە بونیاد داوە))(قطوس:٢٠١١، ١٥٥) ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە بونیادگەری ئاڕاستەیەکی میتۆدییە و لە لێکۆڵینەوە زانستی و زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بەکاردێت، جەختیش لە وەسفکردنی بارودۆخی هەنوکەیی شتەکان دەکات و هەرگیز گوێ بە مێژوو، بیبیلۆگرافیا نادات. بونیادگەری پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە، لەگەڵ فۆڕمالیستەکان، ئامانجی سەرەکی هەموو ئەم جوڵە و بزوتنەوە هزریانە ئەوە بوو، کە لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا پشت بە میتۆدێکی زانستی و سەردەمی ببەستن، کە بتوانێت دەقی ئەدەبی بخوێنێتەوەو دوور بێت لە دەرەوەی دەق و ڕێبازو میتۆدە باوەکان، لەم ڕووەشەوە بونیادگەری شیاوترین و مۆدێرنترین میتۆد بوو، کە ڕەخنەگران بتوانن پشتی پێببەستن بۆ شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبی. کەواتە بونیادگەری لە سەرەتادا تەنیا کاری لەسەر زمان کردووە، دواتر لەسەر تێڕوانین و بۆچوونی زمانەوانەکان پەڕیووەتەوە نێو دنیای ڕەخنەی ئەدەبی.

## بنەماو پرەنسیپەکانی بونیادگەری

بونیادگەری کۆمەڵێک بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە و لەسەر ئەم بنەمایانە دەڕوات، هەروەها (بەشێوەیەکی تایبەتی بونیادگەری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی زانستی زمان و هەوڵێکی زانستییە بۆ جێبەجێکردنی زانستی زمانی گشتی، بەسەر لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا)(قصاب: ٢٠٠٩، ١٢٢) واتا بنەماکانی بونیادگەری پەیوەستن بە زانستی زمانەوە. ((بونیادگەری سەرەڕای بنەما پەتییەکەی، جۆرێکی تر بوو لە شێوازەکانی ئایدیالیزمی فەلسەفی، کە وا سەیری واقیعی دەکرد، لە جەوهەردا بەرهەمی زمان بێت))(پیرۆت: ٢٠٢٠، ٨٤). ئەمەش دەرخەری چالاکیی زمانە. لێرەدا هەوڵدەدەین چەند بنەماو پرەنسیپێکی ڕەخنەی بونیادگەری بۆ لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی بخەینەڕوو.

یەکەم : دوورکەوتنەوە ڕەهەندی مێژوویی دەق،(( بونیادگەرەکان هەوڵی لە کارخستنی لایەنی مێژووییاندا، بە ئامانجی توێژینەوە لە خودی دەق، بەوەی هەموو دەقێکی ئەدەبی بونیادێکی سەربەخۆ و سێستەمێکی زمانیی خۆی هەیە، کەواتە دەقی ئەدەبی لای بونیادگەرەکان پێوەندی بە هیچ لایەنێکی دەرەکی وەکو لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی نووسەرەوە نیە.))(مەنتک: ٢٠١٨، ١٠٣). واتا جەخت لەسەر گەوهەری ناوەوەی دەق دەکەنەوە، بێ گوێدانە هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و باری دەرونی و ئایدۆلۆژیای نوسەر، ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە ئەدەبیەتی ئەدەبە.

دووەم: دەق خاوەن بونیادێکی قوڵی شاراوەیە، ئامانجی شیکردنەوەی بونیادگەری دۆزینەوەی ئەو ئاستە قوڵەیە.(حسەین: ٢٠٠٨، ١٠٦).

سێیەم: ڕاگەیاندنی چەمکی (مەرگی نووسەر). ئەم چەمکە لەلایەن ڕەخنەگری فەرەنسی(ڕۆلان بارت)ەوە داهێنرا. بونیادگەرەکان هەوڵیان دەدا دەق داببڕن، لە کاریگەرییە دەرەکییەکانی، بەمەش ((بونیادگەری بیرۆکەی مردنی نووسەریان ڕاگەیاند))(بەرزنجی: ٢٠١٤، ٣١). کەواتە نوسەریش دەکەوێتە دەرەوەی دەق. چەمکی مەرگی نوسەر ((بە واتا ئاشکراو زمانییەکەی نایەت، هاوکات بە واتای نەمانی نووسەرو ڕەشکردنەوەی لە یادگەی ڕۆشنبیرییدا نایەت، بەڵکو ئامانج لێی ئازادکردنی دەقە لە دەسەڵاتی بارودۆخی نووسەر بەسەر دەقەوە))(مەنتک: ٢٠١٨، ١٠٤- ١٠٥). ئەمەش بووە هۆی گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ خوێنەر.

چوارەم: بونیادگەرەکان باوەڕیان وایە، ((کە خوێنەر نوسەری ڕاستەقینەی دەقە، هەرچەندە خوێنەر خاوەن باگراوندی ڕۆشنبیری بەرفراوان بێت، خاوەن خوێندنەوەی باش دەبێت))(حسەین: ٢٠٠٨، ١٠٧)

پێنجەم: ئامانجی ڕەخنەی بونیادگەری شیکردنەوەیە، نەک هەڵسەنگاندن، باشی و خراپی کاری ئەدەبی ئامانجی ئەم میتۆدە نیە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی چۆنیەتی دەرخستنی پێکهاتەو واتایە، کە لەڕوانگەی پێکەوە گرێدانی توخمەکانەوە دەبێت. (صلاح فضل: ١٩٨٧، ٣٣٣)

شەشەم: دابەشکردنی دەق بۆ بچوکترین ڕەگەزو توخم، هەر توخمێکیش ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، بەمەش دەق لای ڕەخنەگری بونیادگەری دیاردەیەکی وەستاوە لە وەختێکی دیاریکراودا. واتا ڕەخنەگر بۆ شیکردنەوەی دەق لە بونیادە گشتییەکەوە بۆ ناوەوەی دەق دەچێت، بۆیە بونیادگەری ((ڕاستەوخۆ گرنگی بە ناوەڕۆک نادات، بەڵکو گرنگی بە شێوەی ناوەڕۆک دەدات))(مەنتک: ٢٠١٨، ١٠٥). واتا بونیادگەری پشتی بەستووە، بە سیستەمی پەیوەندییەکان ((ئەوەیە زمان سیستەمێکە لەو پەیوەندی و لێکدژییانە، کە پێویستە ڕەگەزەکانی لەسەر بنەمایەکی شکلی و جێگرەوەیەک دیاری بکرێن))(قطوس:٢٠١١، ١٦٤)، گرنگترین شۆڕشی (مۆرفۆلۆجی) ئەوەیە، کە وەک لایەنێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ دەنگەکان ناکات، لەچوارچێوەی دانەپاڵی یەکترو دروستکردنی (مۆرفیمێک) بەهای (ئەلۆمۆرفەکان) دەردەکەوێت، ڕێک وەک زانستی ماتماتیک چۆن ژمارە (سفر) هیچ بەهایەکی نییە بە تەنیا، بەڵام کاتێک دەخرێتە بەردەم ژمارەکان و ئەنجام و ڕێژەکە دەگۆڕێت. بە گوێرەی ئەم میتۆدە زمان سیستەمێکە لە ڕەمزو دەنگ بۆ گەیاندنی پەیام، هاوکات ڕێسای تایبەت بۆ خۆی هەیە، بۆیە ڕەخنەگر لە پراکتیزەکردنی ئەم میتۆدەدا، کار لەسەر چوار ئاستی دەق دەکات:-

١- ئاستی دەنگ:

لەم ئاستەدا توێژینەوە لە پیت و ڕەمزو پێکهاتە مۆسیقییەکانی دەق دەکات، کە خۆی لە هێزو ئاوازو ڕیتمدا دەبینێتەوە.کەواتە (یەکێک لە بنەماکانی تێگەیشتنی هەر دەقێک جوڵەی دەنگ و ئاوازەکەیەتی، تا خوێنەر هەست بە قوڵایی ئەزموونی شیعر بکات)(مەنتک: ٢٠١٨، ١٠٨).

٢- ئاستی وشەسازی (مۆرفۆلۆجی):

لەم ئاستەدا گرنگی بە بونیادی وشە دەدرێت، هاوکات(توێژینەوەیە لە یەکە مۆرفۆلۆژییەکان و ئەرکیان لە پێکهێنانی زمان و ئەدەبی تایبەتدا)(حسەین: ٢٠٠٨، ١٠٨). لەم ئاستەدا ڕەخنەگر گرنگی بە بونیادی ڕێزمانی و دروست بوونی وشەکان دەدات.

٣- ئاستی ڕستەسازی (سینتاکس):
ئەم ئاستە (توێژینەوەیە لە پێکهاتەی ڕستەو شێوەی دروستبوونی و تایبەتمەندییە دەلالی و ئیستاتیکییەکانی)(حسەین: ٢٠٠٨، ١٠٩). هاوکات هەوڵی ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان وشەکان دەدات، لە ڕووی کێڵگەی واتاییەوە بێت، یاخود لە ڕووی ڕێکخستنی ڕێزمانییەوە.
٤- ئاستی واتایی (سیمانتیکی):
لەم ئاستەدا گرنگی بە واتا دەدرێت، کە وشەکە لە ڕووی ڕۆنانەوە لە خۆیدا هەڵیگرتووە، واتا (ئەم ئاستە لە واتای فەرهەنگی و بارکراو دەکۆڵێتەوە)(مەنتک: ٢٠١٨، ١١٠)، کە ئەمەش لقێکی سەرەکییە لە زمانەوانیدا. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە بونیادگەری جگە لەم ئاستانە لە ئاستی (فەرهەنگی و گوتن و ڕەمزی)یش دەکۆڵێتەوە، بەڵام هەریەکە لەم ئاستانە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەچنە چوارچێوەی ئاستەکانی پێشوو ترەوە.
حەوتەم: دال و مەدلول: بۆ یەکەم جار سۆسێر، لە چوارچێوەی زماندا ئەوەی دەریخست، کە ئەو بەشەی وێنەی دەنگی و چەمک پێکەوە گرێ دەدات پێی دەوترێت ئاماژە. واتا ((ئەگەر دال وێنەی دەنگی مەدلوول یان وێنای زەینی بێت، ئەوا مەدلوول لایەنی زەینیی دال (وێنەی دەنگی)یە. بەڵام پەیوەندی بریتییە لە یەکگرتنی وێنە دەنگییەکەو وێنا زەینییەکە))(قطوس: ٢٠١١، ١٦٨). وێنەو دەنگەکان ئامادەو لەبەرچاون، بەڵام واتا نائامادەیە، کاتێک واتا ئامادەبوونی دەبێت، کە قسە پێکەرانی ئەو زمانە لەسەری ڕێک کەوتبن. ((لە دیدی دی سۆسێر دال و مەدلول هیچ بوونێکی فیزیکیان نیە. بوونەکەیان تەنیا لە مێشکی قسەکەرەکان دایە))(ناوخۆش:٢٠٠٥، ٣٦). واتا هەردووکیان ئەبستراکتین و سروشتێکی دەرونییان هەیەو بە پێی زیهنی قسەکەر دەگۆڕێن.

**سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی ڕەخنەی بونیادگەری**

مێژووی پەیدابوونی بونیادگەری وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی، دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی جیاواز، یەکگرتنی ئەم سەرچاوانە میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەریان پێکهێناوە.((ئەگەر نا وەکو فەلسەفەو ڕەوت مێژوویەکی کۆنی هەیە))(مەنتک: ٢٠١٨، ١٠١) لێرەدا بەشێوەیەکی کورت ئاماژە بە گرنگترین سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری دەکەین :-

یەکەم/ فەردیناند دی سۆسێر:
دامەزرێنەری بناغەی زانستی تازەیە لەبواری زمانەوانیدا ساڵی (١٩١٦) کتێبەکەی بەناوی (کۆرسێ لەبارەی زانستی زمانی گشتییەوە) بەزمانی فەرەنسی بڵاوی کردەوە. ((ئەم کتێبە بریتییە لە تێبینییەکانی قوتابیەکانی کە ساڵی(١٩٠٩-١٩١١)دەرسی زمانەوانی و فەلسەفی پێ گوتبوون، واتە دی سۆسێر خۆی ئەم کتێبەی نەنووسیووە، بەڵکو بیرو بۆچوونەکانی لە تێبینی قوتابیەکانەوە هەڵێنجراون و سەرەڕای هەندێ کەموکورتی، بە گرنگترین ڕووداوی زمانەوانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ))(حسەین: ٢٠٠٨، ٤١). هەموو قوتابخانەکانە زمانەوانیەکانی سەدەی بیستەم ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی سۆسێر.
دووەم: فۆرمالیستە ڕووسەکان:
فۆرمالیستە ڕووسەکان کاریگەری زۆریان لەسەر پەیدابوونی ئەم میتۆدە هەبوو، بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە هەموو هۆکارە دەرەکییەکانیان بۆ توێژینەوەی دەقی ئەدەبی ڕەت دەکردەوە. بەپێی ئەوەی کە فۆرمالیستەکان بایەخ بە دەرەوەی دەق نادەن و تەنیا سەیری فۆرم دەکەن و لە

ناخی دەق دەرناچن، بۆیە فۆرمالســـتەکان بە یەکێ لە ســـەرچاوەکانی بونیادگەری هەژمار دەکرێن. (جاکوبســـن)یش یەکەم کەس بوو، کە ڕۆڵی زمانی گواســـتەوە نێو دنیای ئەدەب و پاشانیش ڕابەرایەتی یەکێک لە ئاراستەکانی شێوازگەری کرد. فۆرمالیستە ڕوسەکان(جەختیان لە سەربەخۆیی کاری ئەدەبی و دابڕانی لە جیهانی دەرەوەی دەکردەوە)(موریل: ٢٠٠٨، ٧٦).

((لە یەکەم هەنگاودا ڕەخنەگری بونیادگەری ئەو خاســـیەتانەی دەقێکیان کردوە بە ئەدەب دیاری دەکەن، ئەویش بە لێکۆڵینەوە لە پێوەندی نێوان یەکەو بونیادە بچووکەکان لەگەڵ یەکدی لە ناوەوەی دەق، بە ئامانجی دیاریکردنی ســیســتەم یان بونیادی گشــتی دەق))(مەنتک: ٢٠١٨، ١٠١) ئەمەش خاڵی هاوبەشـــی نێوان فۆرمالیســـتەکان و بونیادگەرەکانە، کە گرنگیدان بوو، بە ناوەوەی دەق و پشـــت گوێخســـتنی پاڵنەرە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەق. واتا لەبری خەریک بوون بە نـاوەرۆک، خەریکی فۆرمی ئەدەبی بوون و لە هەوڵی هێنـانەکـایەوەی میتودێکی زانستیدا بوون، کە دەقی پێ بخوێنرێتەوە.

سێیەم: ئەڵقەی زمانەوانی پراگ:

دوای قوتابخانەی فۆرمالیســـتەکانی ڕووس، هەندێک ناوەندی زانســـتی لەدەرەوەی ســـنوری ڕووســـیا خولیای توێژینەوە بوون، ئەمانە ((خەریکی دارشــتنی کۆمەڵێک پرەنســـیپی گرنگ بوون، کە دواتر ئاراســـتەی کۆنگرەی نێودەوڵەتی زانایانی زمانەوانی کە لە (لاهای)لە ســـاڵی (١٩٢٨) بەســـترا، کرا. بابەتەکەشـــیان بە ناونیشـــانی (دەقە بنەڕەتیەکانی ئەڵقەی زمانەوانی پراگ) بوو. ســـاڵی دواتر بەشـــی یەکەمی توێژینەوەیەکی بە کۆمەڵیان بە ناوی(کارەکان)ەوە پێشـــکەش کرد))(حسەین:٢٠٠٨، ٧٥). لە ســاڵی (١٩٢٨)دا توێژەرانی ئەم ئەڵقەیەو قوتانخانەی (جنێف) بەیاننامەیەکی بنەڕەتیان بڵاوکردەوە بەناوی زمانناسی بونیادگەری، باسەکانی ئەڵقەی پراگ لەبارەی زمانەوە بەگشـــتی لەگەڵ زمانی ئەدەب و شـــیعردا بوون، هەر لەو ســـاڵەدا (یاکۆبسن) زاراوەی بونیادگەری وەک ئاماژەیەک بۆ ئەم زانستە بەکارهێنا.

چوارەم: ڕەخنەی نوێ:

ڕەخنەی نوێ یەکێکی ترە لەو ســـەرچاوانەی، کە کاریگەری هەبووە لەســـەر پەیدابوونی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕەخنەیە دەگەڕێتەوە، بۆ کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدە، لە ئەمریکـاو ئینگلتەرا، کـاتێـک (ئەدەب جیـاکرایەوە لە جیهـانی دەرەرەی خۆی)(موریل: ٢٠٠٨، ٧٦). واتا جەخت کرایەوە لە ســـەربەخۆیی کاری ئەدەبی و هونەری، بەتـایبەتی بەرهەمی(هونەر بۆ هونەر)بـایەخیـان دەدا بە ئیســـتـاتیکـای فۆرم، بەمەش بوونە پێشـــەنگی ســـەرهەڵدانی ڕەخنەی نوێ. ڕەخنەگرانی ڕەخنەی نوێ پێیان وابوو؛ پێویســـتە ڕەخنەگرتن لە شـیعردا بێت نەک شـاعیر. (( شـیعر خۆی شـتێکی دەسـت کردەو بوونێکی دیـاریکراوی هەیە. کەواتە دەبێ واتـاکەی لە نـاو پێکهـاتەو بونیـادی دابێـت))(مەنتیـک: ٢٠١٨ ،١٠٢). بە پێی ئەم میتۆدە بۆ لێکۆڵینەوەی دەق، ڕەخنەگر لە دەقەوە دەســـت پێدەکات و هەر لە دەقیشدا کۆتایی پێدەهێنێت.

دوا بە دوای هەوڵێکی زۆرو ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوە، لە چوارچێوەی ڕەخنەی نوێدا و لە ئەنجامی کێبڕکێی قوتابخانەکانی ئەمریکی و ئینگلیزی و فەڕەنســـیدا، هەوڵدرا تیۆرێک بهێننەکـایەوە، کە تەواوی دەق بگرێتە خۆی. ((هەر بۆیە بونیـادگەری لە بواری ئەدەبیشـــــدا گرنگی بە دەق دەدا و دەقیان دابڕی لە مێژوو و کۆمەڵایەتی و دەرونی))(پیرۆت: ٢٠٢٠، ٨٥). لەم ڕووەشەوە نووسەران بەشدارییەکی کارایان کرد، لە بواری تیۆری و پراکتیکدا، بە تایبەتی

له کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری.

## بەشی دووەم

## پراکتیزەکردن لە دەقی شیعری (کۆتری خاسەو ڕەحیماوا)ی کەژاڵ ئەحمەددا

میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری هەوڵدەدات، سەرجەم ڕەگەزە پێکێنەرەکانی دەق شیبکاتەوە، بە ئامانجی گەیشتن بە بونیادی گشتی دەقەکە. واتا کاتێک ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی دەق شی دەکەینەوە، بۆ ئەوەیە کە یەکەی سەرەکی دەق دەست نیشان بکەین، نەک بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە، چونکە بە پێی ئەم میتۆدە جەخت لەسەر بونیادە گشتییەکەی دەق دەکرێتەوە.

کۆتری خاسەو ڕەحیماوا

ئەی نیشتمانی دزراوم ١
بۆت سووتاوم بۆت نەماوم ٢
لە دووریی تۆ پیر بوو لاویم ٣
ون بوون سەدان خەونی ئاویم. ٤
بە دوای ناوتا بۆ کوێ بڕۆم؟ ٥
چەند سەدەی تر من خەم بخۆم؟ ٦
دەیبێژەوە ناو تەنیایم ٧
با بەسەرچێت بێنەوایم. ٨
ئەی نیشتمان نیشتمانم ٩
تۆی منداڵی چنگ پڕ لە لم ١٠
کۆتری خاسەو ڕەحیماوایت ١١
لە زاری شیرینت دەگەم. ١٢
تۆ بەهار بووی نیشتمانم ١٣
لە ناو جوانی چاوتا کوژرام ١٤
تۆ گوڵزار بووی ئەی ژیانم ١٥
بۆچی بە ناو دڕکا برام؟ ١٦
لێم مەپرسە بۆچی ماتم ١٧

پێم مەڵێ بۆ خەم دایگرتووم ١٨

لە ئامێزی نیشتمانا ١٩

نیشتمانیان زەوتکردووم. ٢٠ (ئەحمەد: ٢٠١٤، ٩٠)

لەم دەقەی (کەژاڵ ئەحمەد)دا، هەرچەندە دە دێڕەکە بە شێوەی (بونیادی هاوشێوەیی) ڕێزمانی ڕیز نەبوون، بەڵام لە ڕووی واتاوە پەیوەندییەکی تەواو لە نێوان سەرجەم دێڕ و بەشەکاندا هەیە. دەبینین بونیادی هاوشێوەییەکەی بەم جۆرە ڕیز بووە:-

١- ئامڕازی بانگکردن+ ناو + کردار+ جێناو

٢- ئامڕازی پەیوەندی+ جێناو+ کردار+ جێناو+ ئامڕازی پەیوەندی+ جێناو+ ئامڕازی نەرێکردن+ کردار+ جێناو

٣- ئامڕاز+ ئاوەڵکار+ جێناو+ ئاوەڵناوە+ کردار+ ئاوەڵناو+ جێناو

٤- کردار+ جێناو+ ئاوەڵناوی ژمارەیی+ ناو+ ئامڕاز+ ناو+ جێناو

٥- ئامڕاز+ ئاوەڵکار+ ئامڕاز+ ئاوەڵکردار+ جێناو+ ئامڕاز+ ئامڕازی پرس+ کردار+ جێناو

٦- ئاوەڵناوی چەندێتی+ ناو+ ئامڕاز+ جێناو+ ناو+ کردار+ جێناو

٧- کردار+ ئاوەڵکار+ ئاوەڵناو+ جێناو

٨- ئامڕاز+ کردار+ جێناو+ ئاوەڵناو+ جێناو

٩- ئامڕازی بانگکردن+ ناو+ ناو+ جێناو

١٠- جێناو+ ناو+ ئامڕاز+ ناو+ ئاوەڵناو+ ئامڕاز+ ناو

١١- ناو+ئامڕاز+ ناو+ ئامڕاز+ ناو+ جێناو

١٢- ئامڕاز+ ناو+ ئاوەڵناو+ جێناو+ کردار+ جێناو

١٣- جێناو+ ناو+ کردار+جێناو+ ناو+ جێناو

١٤- ئاوەڵکار+ ئاوەڵناو+ ئامڕاز+ ناو+جێناو+ کردار+ جێناو

١٥- جێناو+ ناو+ کردار+ جێناو+ ناو+ جێناو

١٦- ئامڕازی پرس+ئاوەڵکار+ ناو+ کردار+ جێناو

١٧- کردار+ ئامڕازی پرس+ ئاوەڵناو+ جێناو

١٨- کردار+ ئامڕاز+ ناو+ کردار+ جیناو

١٩- ئامڕاز+ ناو+ ئاومڕاز+ ناو

٢٠- ناو+ جێناو+ کردار+ جێناو

ئەگەر سەیری ئەم دابەشکارییە بکەین، دەبینین سەرجەم نیوە دێڕەکان لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەستەی ڕێزمانیدا جیاوازن و هاوشێوەیی(التشاکل) نین. هەر لە نیوە دێڕی یەکەم تاکو کۆتایی، کەرەستە ڕێزمانییەکان بە شێوەی جیاواز ڕیزکراون.

- بونیادگەری پێکهاتەیی: لە بونیادگەری پێکهاتەییدا، پێویستە توێژەر پابەندی چەمکی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن بێت. تێگەیشتنی هەر دەقێک پرۆسەیەکی عەقڵییە، نابێت تێکەڵ بە هەست و سۆزو دۆخی دەرونی ڕەخنەگر بکرێت. بەڵکو پێویستە لە کاتی توێژینەوەدا، دەق دووربخرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین تێگەیشتنێکی زانستیانە لە شیکردنەوەی دەقدا بەرجەستە

بکەین. بەم پێیە دەتوانین بڵێین:(( تێگەیشتن بریتییە لە وەسفکردنی ئەو پەیوەندییانەی، کە بونیادە دەلالەتییە بنچینەییەکانی دەق پێکدەهێنن، واتا وەسفکردنێکی تەواوی دەقە بەبێ ئەوەی لێکۆڵەر لە خودی دەقەکە دەربچێت))(حسەین: ٢٠٠٨، ١٢٨).

ئەگەر لە ڕووی بونیادگەری پێکهاتەییەوە سەرەنجی دەقەکە بدەین، دەبینین یەکێتی بابەت پارێزراوە، سەرجەم چەمک و دەستەواژەکان ئاماژە بۆ برینی جەستەی نیشتمانی داگیرکراو و چەشتنی ئازارو مەینەتی لەلایەن هاونیشتمانیانەوە دەکەن. لێرەدا دەقنووس بە هۆی ئازاری زەوتکردنی نیشتمانەوە: (خەم دەخوات، ماتە، پیربووە، کوژراوە، براوە، تێکشکاوە)، لەم دەقەدا کرداری (زەوتکردن) وەک خەڵوز گەشاوەتەوەو زنجیرەیەک لێکەوتەو کرداری خزاندووەتە ناو دەقەکەوە. لە خاڵی دەستپێکی دەقەکەدا، کە پێناسەی نیشتمان دەکات و بە (نیشتمانی دزراو) دەیناسێنێت، ئەمەش بەستراوەتەوە بە کۆتایی نیوە دێڕی دەقەکەوە (نیشتمانیان زەوتکردووم)، واتە هەموو دێرەکانی سەرەوە، دەر ئەنجامی نیوە دێڕی کۆتایی دەقەکەیە.

-ڕاڤەی سینتاکسی: ئەگەر لە ڕووی ڕستەسازییەوە(سینتاکس) سەیری دەقەکە بکەین، دەبینین ڕستەکان لە یەکتری جیاوازن و هیچ نیوە دێڕێک هاوشێوەی نیوە دێڕێکی تر نیە، بە جۆرێک هەندێک ڕستە، ئامراز لە سەرەتادا هاتووەو کردار لە کۆتاییدایە، تێکشکاندنی سینتاکسی بەدیناکرێت، بەڵام لە هەندێک نیوە دێردا لادانی سینتاکسی هەیەو کردار لە سەرەتای ڕستەدا هاتووە، وەکو نیوە دێرەکانی(٤، ٨) ئەمەش فەرماندان و هەڵچوونە لە لایەن نووسەری دەقەوە.

ئەگەر ڕستە بە پێی یاسای ڕێزمانی ئاسایی بێت، لە ڕێزمانی کوردیدا بەم شێوەیەیە:-

| بکەر(ناو)+........+ کردار | کردار+........+بکەر(ناو) | |
|---|---|---|
| ١- هاژە لە ماڵەوە خەوتووە. | خەوتووە لە ماڵەوە هاژە. | لادانی سینتاکسی |
| ٢- ئەلەند کتێب دەفرۆشێت. | دەفرۆشێت کتێب ئەلەند. | |

چەند تێبینییەکی زمانی:

- زۆربەی نیوە دێڕەکان بە ئامراز دەست پێدەکات، وەک نیوە دێرەکانی(١، ٢، ٨ ،٩، ١٢، ١٦، ١٧، ١٨ )، نیوە دێرەکانی(٤، ٧)یش بە کار دەست پێدەکات.
- نیوە دێری (٦) بە هاوەڵناو و نیوە دێرەکانی(١٠، ١٣، ١٥) بە جێناوی سەربەخۆ و نیوە دێرەکانی(١١، ٢٠) بە ناو و نیوە دێرەکانی(٣، ٥، ١٤، ١٩) بە هاوەڵکار دەست پێدەکات.
- هەموو نیوە دێرەکان بە ڕستەیەکی کاری کۆتاییان دێت، جگە لە نیوە دێرەکانی(٩، ١٠، ١٩) کە پەیوەستە بە (گرێ)وە.
- لە ڕووی خاڵبەندیشەوە نیوە دێرەکانی(٥، ٦، ١٦) بە نیشانەی پرسیار کۆتایی دێت، واتا ڕستەیەکی پرسە. هەروەها نیوە دێرەکانی(٤، ٨، ١٢، ٢٠) بە خاڵ کۆتاییان هاتووە، واتا ڕستەیەکی هەواڵییە.
- لە هەموو نیوە دێڕەکاندا (ناوێک) هەیە، جگە لە نیوە دێرەکانی(٢، ٣، ٥، ١٧)، کە ناوی تێدا نیە، لە هەندێکیشیاندا زیاتر لە ناوێک هەیە، وەک نیوە دێرەکانی(٤، ٦، ٩، ١٣، ١٥، ١٩)، لە نیوە دێڕی(١٠)شدا سێ ناو هاتووە.
- لە هەموو نیوە دێرەکاندا کارێکی تێدایە، جگە لە نیوە دێرەکانی(٩، ١٠، ١١، ١٩)، کە کاری تێدا نیە.

- هەموو نیوە دێڕەکان ئامرازێکی تێدایە جگە لە نیوە دێڕەکانی (٤، ٧، ١١، ١٣، ٢٠) کە ئامرازی تێدا نیە.
- ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەموو نیوە دێڕەکان لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی بە جێناوی لکاوی (م) کۆتایی هاتووە، جگە لە نیوە دێڕەکانی (١١، ١٩) نەبێت.

- دووبارەبوونەوە:

١- دووبارەبوونەوەی دەنگ بەم شێوەیە:

| دەنگ | ژمارەی دووبارەبوونەوە | دەنگ | ژمارەی دووبارەبوونەوە | دەنگ | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ە | ٢٨ | ئ | ٢ | ب | ٢٠ |
| ی | ٣٧ | ن | ٣١ | ۆ | ١٣ |
| ش | ٧ | ت | ٢٤ | س | ٦ |
| م | ٣٦ | ا | ٣٨ | ل | ٨ |
| د | ١١ | ز | ٥ | پ | ٤ |
| ر | ١٢ | و | ٣٨ | خ | ٥ |
| ک | ٥ | ێ | ٨ | چ | ٥ |
| ڵ | ٣ | گ | ٤ | ح | ١ |
| هـ | ١ | ج | ١ | ژ | ٢ |
| ڕ | ٤ | | | | |

لێرەدا دەردەکەوێت، کە دەنگی زاڵ بریتییە لە دەنگەکانی: ( ا، و، ی، م، ن، ە، ت، ب، ۆ، ر، د).

٢-دووبارەبوونەوەی وشە بەم شێوەیە:

| کەرەستەکان | دووبارەبوونەوە | ژمارە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ناو | نیشتیمان | ٦ | ٢٣ |
| | خەم | ٢ | |
| | تەنیایی | ١ | |
| | بێنەوایی | ١ | |
| | ئاو | ١ | |
| | مناڵ | ١ | |
| | چنگ | ١ | |
| | لم | ١ | |
| | کۆتر | ١ | |
| | خاسە | ١ | |
| | ڕەحیماوا | ١ | |
| | جوانی | ١ | |
| | زار | ١ | |
| | بەهار | ١ | |
| | چاو | ١ | |
| | ژیان | ١ | |
| | دڕک | ١ | |
| هاوەڵناو | پیر | ١ | ٧ |
| | لاو | ١ | |
| | پڕ | ١ | |
| | شیرین | ١ | |
| | چەند | ١ | |
| | گوڵزار | ١ | |


| | | | |
|---|---|---|---|
| | ١ | مات | |
| | ١ | دزراوم | |
| ١٧ | ١ | سووتاوم | كار |
| | ١ | نەماوم | |
| | ٤ | بوو | |
| | ١ | بڕۆ | |
| | ١ | بخۆ | |
| | ١ | بێرەوە | |
| | ١ | بەسەرچێ | |
| | ١ | دەگەم | |
| | ١ | کوژرام | |
| | ١ | برام | |
| | ١ | مەڵێ(وتن) | |
| | ١ | دایگرتووم | |
| | ١ | زەوتکردووم | |
| | ١ | لە دووریی | |
| ٥ | ١ | بەدوای ناوتا | هاوەڵکار |
| | ١ | لە ناو | |
| | ١ | بەناو | |
| | ١ | لە ئامێز | |
| ٥ | ١ | من | جێناوی سەربەخۆ |
| | ٤ | تۆ | |

٣- دوالیزم: لەم دەقەدا چەند دوالیزمێک بەرچاو دەکەوێت:-

١- دوالیزمی چوون یەک: { من – تۆ (جێناوی سەربەخۆ)/ م _ ت (جێناوی لکاو)} .

٢- دوالیزمی هاودژ: { کوشتن- ژیان/ گوڵزار- دڕک/ پیر- لاو) بەکارهاتوون .

- پەیوەندی هاونشینی و جێنشینی: ئەم پەیوەندییە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری، کە نوێنەرایەتی بەرهەم هێنانی واتا دەکەن، بە جۆرێک واتای کەرەستەکانی زمان بەندە لەسەر ئەم دوو سیستمە، لە باری ئاسۆیی و ستونیدا. بەم شێوەیە:-




((پەیوەندی ئاسۆیی واتای بوونی وشەیەکە لە سیاقێکی دیاریکراودا، ئامانجیش لێی زانینی پەیوەندی وشەکانە لەگەڵ یەکتریدا، بەڵام ستوونی دۆزینەوەی وشەیە، واتا ئەو وشەیە چ واتایەک لە دەرەوەی سیاقەکەدا دەوروژێنێت، بەوەی ئەم وشەیە چ پەیوەندییەکی بە وشەکانی تری زاکیرەی تۆوە هەیە؟ ئامانجیش لەمە زانینی پەیوەندی وشەی ناو دەقەکەیە بەو وشانەی، کە هاوواتای خۆین))(بەرزنجی:٢٠٢٠،٣١).

ئەگەر لە ڕووی پەیوەندی هاونشینییەوە، سەیری دەقەکە بکەین، دەبینین ڕیز بوونەکە تەواو واتادارە، وشەکان لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتریداو کاریگەرییان لەسەر پێش خۆیان و دوای خۆیان هەیە.((پەیوەندی هاونشینی ئەو پەیوەندییانەیە، کە پەیوەستدارە بە ئاستی ئاسۆیی وشەکانەوە، بە خوێندنەوەی چ لە ئاست وشە بێت، یاخود ڕستە، مەبەستیش لەمە هەموو وشەیەک لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدایە، بە پێش و پاشی وشەکانی خۆیەوە، بە شێوەیەک ناتوانی واتای ڕستەکە تێبگەیت، ئەگەر وشەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی نەبەسترابێتەوە، ئەمەش گوزارشتکردنە لە ئامادەبوونی وشە))(حسەین: ٢٠٠٨، ١٤٢).

ئەی نیشتمانی دزراوم ١

بۆت سوتاووم بۆت نەماوم ٢ ← (بۆ تۆ سووتاوم، بۆ تۆ نەماوم)

لە دووری تۆ پیر بوو لاویم ٣

ون بوون سەدان خەونی ئاویم. ٤

کاتێک سەیری ئەم نیوە دێڕانە دەکەین، دەبینین، وشەکان لە تەوەری هاونشینیدا پێگەو سەنگی تایبەتی خۆیان هەیەو ڕاستەوانە کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیەو یەکتری تەواو دەکەن. بۆ نمونە وشەکانی (بۆت (بۆ تۆ)/ سووتاوم/ بۆت(بۆ تۆ)/ نەماوم- لەدووری/ تۆ/ پیربوو/ لاویم- ون بوون/ سەدان/ خەون/ ئاویم). واتا بە لابردنی هەریەکە لەم وشانە هاوسەنگی نیوەدێڕەکە تێک دەچێت.

سووتان ← نەمان = لەناوچوون و کۆتایی هاتن

دووری ← پیربوون = هەمیشە دووری لە ئازیزان و دۆستان و نیشتمان پیربوونی بە دوادا دێت. (لە ڕووی پێگە و واتاو کاریگەرییەوە، تەواوکەری یەکترین).

ئەگەر لە ڕووی پەیوەندی جێنشینییەوە، سەیری دەقەکە بکەین، دەبینین پەیوەندی جێنشینی لە نێوان وشەکاندا هەیە. ((جێنشینی بریتیە لە پەیوەندی نێوان وشە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە، لەگەڵ پاژە نادیارو لەبەردەست نەبووەکانی ناو ڕستەکە))(حسەین: ٢٠٠٨، ١٤١)، هەمیشە وشە نائامادەگییەکان کاریگەرییان لە سەر وشە ئامادەکان هەیە، بە جۆرێک زۆرجار وشەی نائامادە واتای وشەی ئامادە دیاری دەکات.

دەبێرەوە ناو تەنیایم ٧

با بەسەرچێت بێنەوایم ٨

ئەی نیشتمان نیشتمانم ٩

تۆی منالْی چنگ پڕ لەلم ١٠

کۆتری خاسەو ڕەحیماوایت ١١

لە زاری شیرینت دەگەم. ١٢

تۆ بەهار بووی نیشتمانم ١٣

لەناو جوانی چاوتا کوژرام ١٤

لێم مەپرسە بۆچی ماتم ١٧

پێم مەڵێ بۆ خەم دایگرتووم ١٨

لێرەدا دەبینین وشـــەکـانی (تەنیـایی، بێ نەوایی/ نیشـــتمـان، منـاڵ/ بەهـار، جوانی/ مـات، خەم).پەیوەندی جێنشینی لە نێوانیاندا هەیە.

پەیوەندی جێنشینی

| تەنیایی | نیشتمان | بەهار | مات |
|---|---|---|---|
| بێ نەوایی | مناڵ | جوانی | خەم |

هەریەکە لەم وشـانە واتایەکی ئامادەو دیاریان هەیە، بەڵام لە هزری خوێنەردا چەندین وشـەی ترو واتای نائامادە دەوروژێنن، کە لە دەرەوەی سیاقی نیوە دێڕەکاندایە. بەم شێوەیە:-

نیشتمان

ماڵ
دایک
وڵات
سنورێکی جوگرافی دیاریکراو
هۆگری
خۆشەویستی
ژیان

{ئەمانە واتای نائامادەی (نیشتمان)ن}

بەهار

ژیانەوە
ئاوەدانی
نوێبوونەوە
گەشبینی
هیوا
سەوزایی

{ئەمانە واتای نائامادەی (بەهار)ن}

رەحیماو= {کوردبوون، بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، چەوسـاندنەوە، رەسـەنایەتی، ئازایەتی..}
بە هەمان شێوە هەریەکە لە وشەکانی تریش لە پەیوەندیدان لەگەڵ وشە نائامادەکاندا.

- راڤەی واتایی : ئەگەر لە رووی واتاوە (سـیمانتیک)سـەیری دەقەکە بکەین، دەبینین هەر دە دێڕەکە تەواوکەری یەکترین و یەکێتی بابەتیان تێدا بەرجەسـتە بووە. هەموو وشـەو رسـتەکان گوزارشـت کردنە لە ئێش و ئازاری نیشـتمان، لە ئەنجامی داگیرکردن و سـتەم و زۆرداریی دەسـەڵاتێکی داگیرکەرەوە. ((لە قۆناغی راڤەکردندا رەخنەگر هەر بەوەوە ناوەسـتێت، کە لە خودی دەقەکەدا کاربکات و لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەم قۆناغەدا توێژەر هەڵدەسـتێت بە توێژینەوەو راڤەکردنی ئەو رەگەزە دەرەکییانەی دەقەکە، کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیانەی لەگەڵ رەگەزی بونیادە دەلالییەکانی ناوەوەی دەقدا هەیە))(حسـەین: ٢٠٠٨، ١٢٩)


نیوە دێڕی یەکەم بەشێوەی دەربڕینێکی پێویست بە وەڵام، لە شێوەی سـەرسـوڕماندا هاتووە، کە نیوە دێڕی دووەم بۆی بووە بە وەڵامێک و روونکردنەوەی بۆ نیوە دێڕی یەکەم داوە. نیوە دێڕی سـێیەم و چوارەمیش درێژە پێدەرن بۆ وەڵامی نیوە دێڕی یەکەم. واتا هەر چوار نیوە دێڕەکـان یەکتری تەواو دەکەن، کردارەکـانی:(سـووتـان، نەمـان، پیربوو، ون بوون= بە بێ

هیوایی و کۆتایی و لێژبوونەوە)، کە ســـەرجەمیان لە ئەنجامی کرداری(دزرا) ســـەرچاوەیان گرتووە.

نیوە دێری پێنجەم و شەشەم پرسیارە: (بۆ کوێ بڕۆم، چەند سەدەی تر خەم بخۆم)، بە دوای ئەم دوو پرسیارەدا، ڕستەیەکی فرماندان دێت. (دەبێژرەوە)، کە وەڵام و چارەسەرە بۆ هەردوو پرسیارەکەی پێشوو. (با بەسەرچێت بێنەوایم)، لە نیوە دێری شەشەم و یەکەمدا دووبارە بە ئامرازی بانگکردن دەست پێدەکات، کە گرێیەکی بێ واتایە( ئەی نیشتمان، نیشتمانم). لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ئەم دەربڕینە پێویستی بە دووبارە کردنەوە نیە، چونکە نیشتمان گوێچکەو زمانی نیە، تاکو گوێی لێ بێت و وەڵام بداتەوە، بەڵام لە زمانی شیعریدا ئەوە بەشێکە لە ئیستاتیکای دەقەکە. ئەم چەشنە دەربڕینە سەرەداوێکە بۆ دەق نووس، بۆ بەدواداهاتنی وەڵام و ئامانج و هاوکات دەربڕینی ئیستاتیکایەکی تر. دواتر دێتە سەر وەسفی نیشتمان، بەوەی نیشتمان (مناڵی چنگ پڕ لە لم، کۆتری خاسەو ڕەحیماوا)یە. (لە زاری شیرینت دەگەم) ئاماژەیە بۆ زمانی کوردی ئەو ناوچە کوردنشینانەی ئاماژەی پێکراوە(خاسە، ڕەحیماو) .

لە نیوە دێرەکانی سیازدەهەم و پازدەهەمدا، بەردەوامە لەسەر وەسفی نیشتمان( تۆ بەهار بوویت، تۆ گوڵزار بوویت). هەروەها دوالیزمەکانی( کوژران، ژیان/ گوڵزار، دڕک) لە نیوە دێرەکانی چوارده و پازدەو شازدەدا، بە شێوەی شاقوڵی بەکارهاتوون. لە نیوە دێرەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا کردارەکانی( ماتم، دایگرتووم) لە ئەنجامی زەوت کردنی نیشتمانەوە، سەرچاوەیان گرتووە. لێرەدا (نیشتمان) سەنتەری دەقەو سەنتەر جێگیر نیە. بە جۆرێک نیشتمان جارێک(منداڵی چنگ پڕ لە لم و جارێک کۆترو جارێک بەهارو جارێک گوڵزار)ە سەنتەر جێگیر نیە.

کردارەکانی:(دزراو- سوتاو- پیربوو- ون بوو- دایگرتووم- کوژرا- برا) بە شێوەی شاقوڵی ڕیز بوون، سەرجەمیان بەرەو ڕێگای کۆتایی و ئاوا بوون ڕێ دەکەن و کرداری ڕابردوون.



کردارەکـانی(بڕۆم- بخۆم- دەبێژرەوە- بەســــەرچێت- دەگەم) کرداری ڕانەبردوون. هـاوکـات سەرجەم کردارەکانی ناو دەقەکە لە ئەنجامی کرداری(زەوتکردووم) سەرچاوەیان گرتووە، واتا لە ئەنجامی زەوتکردنی نیشتمانەوە هەموو کردارەکان بەکارهاتوون.

دزراو
سووتاو
نەما
پیر بوو
ون بوو
بڕۆ
بخۆ
بێرەوە
بەسەرچێت
دەگەم
کوژرا
برام
دایگرتووم

زەوتکردن

جێناوی لکاوی کەســی یەکەمی تاک(م)، کە دەگەڕێتەوە بۆ نووســەر (١٨) جار بەکارهاتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خودویستی نووسـەرو کەم جوڵەیی. هاوکات جێناوی کەسـی دووەمی تاک کە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان، (٧)جار دووبارە بووەتەوە، لە فۆرمی جێناوی سـەربەخۆو جێناوی لکاو (تۆ، ت). بەمەش جۆرە دیالۆگێک دروست بووە لە نێوان جێناوی کەسـی یەکەمی تاک و جێناوی کەســی دووەمی تاک،(نووســەر+ نیشــتمان)، هەرچەندە لەم جۆرە گفتوگۆ کردنەدا، کەسـی یەکەم (شـاعیر) چالاکە و دەنگی زاڵە، بەڵام کەسـی دووەم (نیشـتمان) تەنیا گوێگرێکی پاسیڤە. شاعیر نیشتمان وەک بونەوەرێکی ژێر دەبینێت و قسەی لەگەڵدا دەکات .

**ئەنجامەکان**

١- هەموو یەکەیەکی زمـانی خـاوەنی ڕۆنـانێکی نـاوەکی و دەرەکییە، دەقیش وەک یەکەیەکی زمـانی خـاوەنی ئەم دوو ڕۆنـانەیە. بونیـادگەری دەیەوێت ئەم ڕۆنـانە زمـانییە لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا شیبکاتەوە، بەمەش زمان دەبێتە چەق لە شیکردنەوەی دەقدا .

٢- بە پێی بنەمـاکـانی بونیـادگەری، دەق داخراوەو خوێنـدنەوەی تر لە خۆنـاگرێت. واتـا دەق جێگەی یەک دەنگی و یەک ڕەهەنـدییە. بەم پێیە ئەم دەقەی کەژاڵ ئەحمەدیش داخراوەو خوێندنەوەی تر لە خۆناگرێت.

٣- لەم دەقەدا پەیوەندی هاونشـــینی و جێنشـــینی بەرجەســـتە کراوە، بە جۆرێک لە پەیوەندی هاونشـینیدا وشـەکان، واتای یەکتری تەواو دەکەن و لە پەیوەندی جێنشـینیشـدا واتای وشـەکان پەیوەستە بە وشەی نائامادە لە دەرەوەی دەق.

٤- لەم دەقەدا هەست بە هەڵچوون و نیگەرانییەکانی شاعیر دەکەین، ئەمەش لە ئەنجامی زۆری بەکارهێنانی کردارەکان و واتای کردارەکان، کە گوزارشــت لە خەم و بێ هیوایی و نیگەرانی دەکەن

**Sarchawakan:**

**Yakam: Ba Zmani Kurdi:**

**A- Kteb:**

1- Ahmad (Kazhal Ahmad): 2014, Mn dabet khom bsmilbkam, La blawkrawakani dazgay roshnbiri jamal Irfan, Sulaymaniyah.

2- Barznji (Ali Tahir Barznji): 2014, Chand twezhinawayaky rakhnaiy, Chapkhanay Haji Hashm, Hawler.

3- Pirot (Barzan Ali Pirot): 2020, Diardanasy Mrov la Shihrakani Nali da, Chapy Yakam, Chapkhanay Mekhak, Tahran.

4- Hussein (Ali Tahir Hussein): 2008, Rakhnay Bunyadgary la tioriawa bo praktizakrdn, Chapy Yakam, Dazgay Chap u Pakhshy Sardam, Sulaymaniyah.

5- Rashid (Fuad Rashid): 2005, Nasnamay Daq, Chapy Yakam, Blawkraway yaketi Nusarani Kurd, lqy Karkuk, Hawler.

6- Qtus (D. Basam Qtus): 2011, Darwazayak bo Mitodakani Rakhnay Hawcharkh, w: Mohammed Tatani, Chapy Yakam, Chapkhany Shvan, Sulaymaniyah.

7- Mantk, (Hama Mantk): 2018, Mitodakani Rakhnay Adaby, Chapy Yakam, Nusingay Tafsir bo Chap u Blawkrdnawa, Hawler.

8- Nawkhosh (Salam Nawkhosh): 2005, Pukhtayak Darbaray Zmannasy, Chapkhanay Chwarchra, Hawler.

**B- Govar:**

9- Mahmod, Mohammed (p.y.d. Fazil Majid Mahmod- Miran Jalal Mohammed): 2010, Bunyadgary la Adabda, Govari Zankoy Sulaymaniyah, Bashy B.

**Duham: Ba Zmani Arabic:**

10- Tumrial (Fabres Tumrial): 2016, Alnaqd Adaby, T: Alhadi Aljatlawy, Tabh awal, Dar Altanwir liltabhat walnashr, Tunis.

11- Hijazi (d. Samir Saeed Hijazi): 2001, Qamus Almustalahat Alnaqd aladaby almuhasr, Tabh awal, Dar ifaq Alarabia, Qahira.

12- Qasab (D. Walid Qasab): 2009, Manahij alnaqd aladabil aladis, Tabh alsaniat, Dar alfkr, Dimashq.

13- Morial (in Morial): 2008, Alnaqd Adaby almuhasr, T: Ibrahim awlhiyan, Mohammed alzakawy, Tabh awal, Markaz Alqawmy liltarjamat, Qahira.

14- Fasil (Salih Fasil): 1987, Nazaryat albinayat fee alanqd aladaby, Tabh alsaniat, Dar alshiun alsaqafiyat alhama, Bagdad.